پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئەنساڕ (پشتیوانان) فەرمووی: «هیچ کەسێک خۆشیانی ناوێت مەگەر ئیماندار نەبێت، وهیچ کەسێک ڕقی لێیان نییە مەگەر دووڕوو (مونافیق) نەبێت

لە بەرائی کوڕی عازیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئەنساڕ (پشتیوانان) فەرمووی: «هیچ کەسێک خۆشیانی ناوێت مەگەر ئیماندار نەبێت، وهیچ کەسێک ڕقی لێیان نییە مەگەر دووڕوو (مونافیق) نەبێت، ئەوەی ئەوانی خۆش بوێت ئەوا خوای گەورە خۆشی دەوێت، وئەوەی ڕقی لە ئەوان بێت ئەوا خوای گەورە ڕقی لێدەبێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خۆشویستنی ئەنساڕی (پشتیوانانی) خەڵکی مەدینە؛لە نیشانەی کاملّی ئیمانە، چونکە ئەوان دەستپێشخەر و لەپێشەنگدا بوون بۆ سەرخستنی ئیسلام وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ولە هەوڵ وکۆششی بەردەوام بوون بۆ دالّدەدانی وپشتیوانیکردنی مسوڵمانان، وبەخشینی مالّ ونەفسیان لەپێناو خوای گەورە، وڕق لێبوونەوەیان نیشانەی دووڕوویە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە ئەوەی ئەنساڕی خۆشبوێت ؛ خوای گەورەیش خۆشی دەوێت، وئەوەی ڕقی لێیان بێتەوە ؛ خوای گەورەیش ڕقی لێدەبێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3438